Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 Issue 1 Article6

# The Role of Social Media Networks in Promoting Media Awareness among University Students in Kurdistan Region of Iraq

**Mahdi Abdullah Mustafa**

*Media Technique, Technical College of Administration Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.*

**Bahaalddin Ahmed Mohammed**

*Media Technique, Technical College of Administration Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article

Mustafa, M.A. & Mohammed, T.S., 2026. **The Role of Social Media Networks in Promoting Media Awareness among University Students in Kurdistan Region of Iraq**. Mitanni Journal, 6(1), Article 06.

DOI: https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n1y2025.pp85-102

This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

# The Role of Social Media Networks in Promoting Media Awareness among University Students in Kurdistan Region of Iraq

**AI usage declaration**

No, it was not generated by AI

**Author contribution**

Yes, the authors have contributed solely to all aspects.

**Ethics information**

Yes, ethics approval was not required.

**Data availability statement**

.Yes, the data supporting is available upon reasonable requests

**Funding information**

Yes, no specific funding was received for conducting this research.

**Conflict of interest**

The authors declare that there is no conflict of interest.

Yes, the authors declare there is not any conflict of interests

**Acknowledgements**

Original article.
"This research is derived from a master dissertation."

**ORIGINAL ARTICLE**

# The Role of Social Media Networks in Promoting Media Awareness among University Students in Kurdistan Region of Iraq

Mahdi Abdullah Mustafa [1,*], Prof. Bahaalddin Ahmed Mohammed [2]

[1] Media Technique, Technical College of Administration Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Media Technique, Technical College of Administration Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Abstarct:

This research entitled (The Role of Social Networks in Spreading Media Awareness among University Students in the Kurdistan Region) aims to determine the role that social networks may play positively or negatively in spreading media awareness among university students in the Kurdistan Region.
The research is descriptive and uses survey methods, content analysis and quantitative methods. The population of this research is students of universities (Sulaimani, Salahuddin/Erbil, Duhok, Halabja) in which a random sample 757 students were recruited by practicing the survey form (Google Form) that was distributed online to the research sample.
The researchers has reached several conclusions in this study, the most important of which are: The researchers use social networks at various levels to be aware of the most important news, information, topics, problems and conflicts in order to meet their various needs. The researchers also have different levels of interest, interaction and trust in media articles published on social networks, which has led to the formation of media awareness among them.
Based on the results of this study, the researchers makes several recommendations, the most obvious of which are: academic centers to deal appropriately with social networks in order to publish various media articles that play a role in further raising media awareness Publish important media articles related to the local, regional and international community that create a positive impact on individuals and groups in the community.
Regarding the recommendations, the study makes several recommendations, the most important of which are: It calls on media researchers to prepare future research on social networks and environmental awareness, as well as on social networks and tourism development.
**Keywords**: Role, Social Networks, Media Awareness, University Students, Kurdistan Region.

Received 22 October 2025; accepted 22 December 2025.
Available online 11 Feb 2026

* Corresponding author.

E-mail addresses: Mahdiabdulla91@gmail.com

*2710-2173/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی خوێندکارانی زانکۆکان لەهەرێمی کوردستان

### پووختەی توێژینەوە

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەکۆمەڵێک تۆڕی جۆراوجۆر لەسەر ئینتەرنێت و بەشێکن لەنەوەی دووەمی ئینتەرنێت، کەخاوەن کۆمەڵێک خزمەتگوزاری هەمەچەشنەن، کە یارمەتی بەکارهێنەران دەدات بۆ ئاسانی لەبەکارهێنانیان کەرەنگدانەوەی لەتێکرای بوار و زانست و بابەتەکاندا داوەتەوە و بەزمانی جۆراوجۆر بەکارهێنەر لەنێو پڕۆفایل و گروپە تایبەتەکانیاندا هەواڵ و زانیاری و بابەت و دید و بۆچوون و چالاکی بەشێوەی تێکست و فۆتۆ و دەنگ و ڤیدیۆ بڵاودەکەنەوە.
هۆشیاری میدیایی توانای تێگەیشتن، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن وبەشداریکردنی کاریگەرانە لەگەڵ پەیامەکانی میدیا لە سەرانسەری پلاتفۆرمە جیاوازەکاندا, بریتییە لە دانانان بەوەی کە چۆن میدیا کاریگەری لەسەر بۆچوون و ڕەفتار و بەها کولتوورییەکان هەیە لە هەمان کاتدا جیاوازی لە نێوان زانیاری باوەڕپێکراو و چەواشەکارانەدا دەکات, هۆشیاری میدیا تاکەکان بەهێز دەکات بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بەو ناوەڕۆکە کە بەکاریدەهێنن، لە مەبەستەکانی پشت بەرهەمهێنانی میدیا تێبگەن، و میدیا بە بەرپرسیارانە بەکاربهێنن بۆ فێربوون، پەیوەندیکردن و بەشداری کۆمەڵایەتی لە جیهانێکی دیجیتاڵیدا.
ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لەتەوەری یەکەمدا میتۆدنامەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، لەتەوەری دووەمدا ئاماژە دراوە بە تیۆرنامەی توێژینەوەکە، لە تەوەری سێیەمدا ئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، پاشان ئاماژە دراوە بە دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان.

### پێشەکیی توێژینەوە:

تەوەری یەکەم/میتۆدنامەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە وپرسیارەکانی

توێژەران کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەخەنەڕوو: (ئایا تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت رۆڵی بگێرێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی خوێندکارانی زانکۆکان لەهەرێمی کوردستاندا؟). لێرەوە توێژەر(ان) پرسیاری سەرەکی دەکات(دەکەن) بەچەند پرسیارێکی لاوەکی: (بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پرسیاری توێژینەوەکە چەند پرسیارێک نمایش دەکەین):

١. ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای مشتەی توێژینەوەکە چەندە؟

٢. ئاستی گرنگی دانی مشتەی توێژینەوەکە چەندە بۆ بابەتە بڵاوکراوەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان؟

٣. ئاستی کارلێککردنی مشتەی توێژینەوەکە چەندە بۆ بابەتە بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟

٤. ئاستی متمانەبوونی مشتەی توێژینەوەکە چەندە بۆ بابەتە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟

٥. شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی لای مشتەی توێژینەوەکە؟
دووەم: گرنگی توێژینەوەکە
1- گرنگی تیۆری: ناساندنی چەمک و زاراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هۆشیاری میدیایی و تێڕوانینێکی گشتگیر بەم دەستەواژانە دەبەخشرێت، هەروەها لەلایەکی دیکەوە دەبێتە بابەتێکی نوێ بۆ کتێبخانەی کوردی و توێژەرانی داهاتوو دەتوانن سوودی لێوەربگرن وەک بابەتێکی نوێی ئەکادیمی.
٢- گرنگی پراکتیکی: داتا و زانیاری بەدەستهاتوو لەم تویژینەوەیەدا دەریدەخات کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵی ئەرێنی دەگێرێت لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی خوێندکارانی زانکۆکان لەهەرێمی کوردستاندا، ئەم ئەنجامەش هاوکار دەبێت بۆ دامەزراوە و کەس و لایەنە جیاوازەکان بۆ کارکردن لەسەر پیکهێنانی زیاتری هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆکان لەهەرێمی کوردستاندا بەگشتی و هۆشیاری میدیایی

بەتایبەتی.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی :

زانین وخستنە رووی رۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی لای خوێندکارانی زانکۆکان لەهەرێمی کوردستاندا

١. زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای مشتەی توێژینەوە.

٢. خستنەرووی ئاستی گرنگیدانی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتە بڵاوکراوەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

٣. گەشتن بەئاستی کارلێککردنی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتە بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٤. راڤەکردنی ئاستی متمانەبوونی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتە بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٥. شیکردنەوەی رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی لای مشتەی توێژینەوەکە.

چوارەم: توێژینەوەکانی پێشوو

١. توێژینەوەی (حامد، مروى السعيد السيد) فی سنة (٢٠٢٢) بعنوان (دور مواقع التواصل الاجتماعي في نشر الوعي بالخدمات الرقمية للمؤسسات الحكومية لدى الجمهور المصري: دراسة تطبيقية، لمجلة العلمية لبحوث العلاقات العامة والاعلان)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی لە رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانی دامەزراوە حکومییەکان لەنێو خەڵکی میسردا، وگرنگیدان بە ستراتیژییەکانی پەیوەندیکردن، بەشداریکردنی بینەر وکاریگەریی پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان لە پێشخستنی گۆڕانکاری دیجیتاڵی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان. رێبازی توێژینەوەکە وەسفی شیکاریە، وە هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکە تاکەکانی کۆمەڵگەی میسرن، نمونەی توێژینەوەکە ٢٠٠ کەس لەنێو میسر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، وە ئامرازەکانی توێژینەوەکە فۆرمی راپرسیە، کەرستەئامارییەکانی توێژینەوەکە سوود وەرگیراوە لە پرۆگرامی (SPSS) بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتوە، کە تۆڕی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانی دامەزراوە حکومییەکان لەنێو خەڵکی میسردا. لە رێگەی ستراتیژی پەیوەندی کاریگەر و ناوەڕۆکی کارلێککارانەوە، تۆڕی کۆمەڵایەتی تێگەیشتن و متمانە و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانی هاوڵاتیان بەرز دەکاتەوە، پشتگیری لە هەوڵەکانی میسر دەکات بەرەو گۆڕینی دیجیتاڵی و باشترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی.

٢. توێژینەوەی (يعيشي و هداجي، ٢٠٢١)، ( دور المواقع التواصل الاجتماعي في نشر الثقافة الاعلامية)، رسالة ماجستير – جامعة (احمد دراية) – الجزائر)، توێژینەوەکە بە شێوەیەکی وەسفی ئەنجامدراوە، کە تێکەڵەیەکە لە شێوازی تێبینی و شیکاری داتا. سامپڵەکە بریتی بووە لە (١٦٠) بڵاوکراوەی پەڕەی فەرمی فەیسبووکی زانکۆی (احمد دراية). وە ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە دەرخستنی رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری میدیایی لەنێو زانکۆی (احمد دراية) لە وڵاتی جەزائیر . گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و رۆشنبیری میدیایی، کە ئەمەش یارمەتی کۆمەڵگە دەدات بۆ باشتر تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی ئەم پلاتفۆرمە دیجیتاڵییە لەسەر رۆشنبیری و هۆشیاری. لە نێوان توێژینەوەی (يعيشي و هداجي، ٢٠٢١) و توێژینەوەی مندا، هەردوو توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا هاوبەشن، وەک بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و پەرەپێدانی رۆشنبیری یان هۆشیاری. هەروەها، هەردوو توێژینەوەکە بەرنامەی (SPSS) یان بۆ شیکاری داتا و ئامارییەکان بەکارهێناوە. بەڵام جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوانیاندا هەیە. ئەم توێژینەوە تیشک دەخاتە سەر رۆشنبیری میدیایی لەنێو خوێندکارانی زانکۆی (احمد دراية) لە جەزائیر، لەکاتێک توێژینەوەی من تیشک دەخاتە سەر هۆشیاری میدیایی لەنێو خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها، توێژینەوەی من زیاتر تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هۆشیاری و بیرکردنەوەی رەخنەگرانەی خوێندکاران. دەرەنجامەکان دەریانخست کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری میدیایی لەنێو کۆمەڵگەی جەزائیری و چینی خوێندکاراندا هەیە، بەتایبەتی لە زانکۆی (احمد دراية). توێژینەوەکە باسی چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کردووە و لە هەردوو رووی تیۆری و پراکتیکی کاری لەسەر کراوە.

سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر لە چەند لایەنێکەوە سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە، کە گرنکترینیان ئەمانەن:

لە رووی رێگە زانییەوە Methodology توێژەر سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بۆ چۆنێتی دیاریکردنی کێشە و هەڵێنجانی پرسیارەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی رێبازی بەکارهاتوو.

بۆ سوود وەرگرتن لە چۆنێتی نووسینی توێژینەوەکە بە گوێرەی کێشەی توێژینەوە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە و ئامانجی توێژینەوە، رێنیشاندەرێکی باشبوون.

لە رووی کردارییەوە سوود لە چۆنێتی کۆکردنەوەی زانیاریی، پوختەکردن و شیکارکردنی زانیارییەکان وەرگیراو و بوونەتە سەرچاوە بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی بەشی کرداریی.

بەهۆیانەوە توێژ ئاشنابووە بە بەرنامەی پێویستی شیکاری، کە SPSS لەگەڵ بنچینە ئامارییەکانی شیکار کردن کە بەکاربهێناونەتەوە لە نووسینی توێژینەوەکەی خۆیدا.

جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە
توێژەر بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی وردی ئەکادیمی و زانستیانە، پشتی بە میتۆدی وەسفی (Descriptive Method) لە جۆری ڕووپێوی (Survey) بەستووە. هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە بەهۆی گونجاوییەتی لەگەڵ سروشتی بابەتەکەدایە، کە مەبەست لێی کۆکردنەوەی زانیاری و داتای وردە سەبارەت بە (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی میدیایی لای خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا).
ئەم میتۆدە ڕێگە بە توێژەر دەدات کە لە وەسفکردنی سادەوە بەرەو شیکردنەوە و لێکدانەوەی پەیوەندییەکان هەنگاو بنێت، تاوەکو بتوانێت وێنایەکی ڕاستەقینەی ئاستی هۆشیاری میدیایی خوێندکاران و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو تۆڕانە بخاتە ڕوو. هەروەها ئەم ڕێکارە زانستییە توانای ئەوە دەداتە توێژەر کە دەرەنجامەکان لە چوارچێوەی نمونەی توێژینەوەکەوە بۆ کۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان بگشتێنێت.
کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوەکە
خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، صلاح الدین، دهۆک، هەڵەبجە) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێک دێنن، هەر بۆیە توێژەران لەم کۆمەڵگەی توێژینەوەیە مشتەیەکی هەرەمەکی هێشوویيان وەرگرتووە کە ژمارەیان (٧٥٧) خوێندکارە، بڕوانە خشتەی (١).

خشتەی (١) زانیاری کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە

| زانکۆ | ژمارەی خوێندکاران | ڕێژەی وەرگرتن | ژمارەی سامپڵ |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٢٢٢٠٠٠ | %١ | ٢٢٢ |
| صلاح الدین | ٢١٤٠٥٨ | %١ | ٢١٥ |
| دهۆک | ٢١٠٠٠ | %١ | ٢١٠ |
| هەڵەبجە* | ٢٧٥٨ | %٤ | ١١٠ |

**ئامرازی توێژینەوەکە**
بەمەبەستی گەیشتن بەوەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە بە شێوەی (Google Form) وەک گونجاوترین ئامرازی توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی پەیوەست بەپرسیارەکان و بۆ دەستخستنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.
**ڕاستی وجێگیری ئامرازی توێژینەوەکە**
توێژەران کاریان لەسەر ڕاستی ڕواڵەت کردوە بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە، بەجۆرێك پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی ڕا بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێك(کێن ئەو پسپۆڕانە بیان نووسن) لەبواری ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وتۆمارکردنی تێبینیەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت=بڕگە ڕاستەکان/کۆی بڕگەکان × ١٠٠ = ٩٧،٧%، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە. هەروەها لەدەرهێنانی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکەدا جێگیری ناوخۆیی بەکارهاتوە پشتبەست بە هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ و ئەنجامەکەی (٠،٧٩٣) کەئاماژەیە بۆ گونجاوی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.
**سنووری توێژینەوەکە**
١. سنوری زانستی: بریتییە لە بیرۆکەی توێژینەوەکە (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هۆشیاری میدیایی).

٢. سنوری مرۆیی: خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

٣. سنوری کات: ماوەی پراکتیکی توێژینەوەکە دەگرێتەوە لەماوەی نێوان (٢٠٢٥/٨/١٥) بۆ (٢٠٢٥/٩/٢٥).

٤. لەڕووی شوێنەوە: سەنتەری هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.
**چەمکەکانی توێژینەوەکە**

١. **ڕۆڵ**: مەبەست لەو ڕۆڵەیە کە ڕەنگە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بیگێڕێت لای خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیاییاندا بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی.

٢. **تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە کۆمەڵێک تۆڕ و پلاتفۆرم لەسەر ئینتەرنێت کە بەکارهێنەران دەتوانن بەئاسانی بەکاری بهێنن بۆ دروستکردنی پەیوەندی جۆراوجۆر و دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

٣. **هۆشیاریی میدیایی**: توانای تێگەیشتن و شیکردنەوەی زانیارییەکانی میدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا، وەک تێگەیشتن لە هەواڵە ناڕاستەکان و جیاکردنەوەیان لە هەواڵە ڕاستەکان.

٤. **خوێندکارانی زانکۆ**: خوێندکاری زانکۆ ئەو توێژە گرنگەی نێو کۆمەڵگەی کوردیە کە پاش تەواو کردنی خوێندنی پەروەردەیی دەست دەکات بەقۆناغێکی ئەکادیمی و زانستی زانکۆیی کە بۆماوەی چوار سال بەردەوام دەبێت ، توێژەران خوێندکارانی هەرچوار قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆکاکانیان وەک نمونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە.

٥. هەرێمی کوردستان: واتە نموونەیەک بۆ گەلێکی بەرگریکەر کە لە ناوەندێکی پڕ ئاڵۆزی جوگرافی و سیاسی دا خەبات بۆ ژیان و پێشکەوتن دەکات و بۆتە هۆکارێک لە هۆکارەکان بۆ پاراستن و ناساندنی شوناسی کورد و زمانی کوردی.

**تەوەری دووەم/تیۆرینامەی توێژینەوەکە**

**یەکەم/تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

**چەمک و پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک پلاتفۆرمن، کە تاک و ڕێکخراوەکان دەتوانن ناوەڕۆکی وەک دەق و وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ دروست بکەن و هاوبەشی بکەن و کارلێک بکەن، ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات پەیوەندی بکەن، تۆڕ دروست بکەن لە سەرانسەری جیهان، کاریگەری لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەوتە کولتوورییەکان، ستراتیژییەکانی بازاڕکردن و ڕای گشتی دەبێت، هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێک بۆکات بەسەربردن و پەروەردە و بڵاوکردنەوەی زانیاری کاردەکات، کە چۆن مرۆڤەکان دەستیان بە هەواڵەکان بگات و خۆیان دەربڕن و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە کاتی ڕاستەقینەدا لە قاڵب دەدات (زبیر و صالح، ٢٠٢١: ٤٥).

**مێژووی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

لە ناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکانەوە کۆمەڵێك لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەرکەوتن وەك (کلاس میتیس) لە ساڵی 1995 بۆ بەستنەوەو دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان هاورێ خوێندکارەکانی خوێندنگە، وە تۆڕی(دجریزس) لە ساڵی 1997 کە ئەم تۆڕە جەختی لەسەر پەیوەندیە ڕاستەوخۆکانی نێوان کەسەکان یاخود تاکەکان دەکردەوە .

لەم تۆڕانەدا کۆمەڵێك فایلی تایبەت بە بەکارهێنەرانی دەرکەوت وە خزمەتگوزاری ناردنی نامەی تایبەت بە کۆمەڵێك هاورێ وەهەروەها دەرکەوتنی ژمارەیەکی دبکە لە تۆڕەکانی وەك (لایف جۆرنال) و تۆڕی ( کایۆرلد ) لە ساڵی 1999 لە کۆریا دروست کرا لەسەرەتاوە ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر دەکرایەوە لە لایەن تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە خزمەتگوزاری کورتەنامە بوو لە لایەن بەکارهێنەرانیەوە (یونس ، 2016 : 17).

**جۆرەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان**

**١. فەیسبووک (Facebook)**

ئەم سەکۆ و پلاتفۆرمەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژی ٤ی شوباتی ٢٠٠٤ لە زانکۆی هارڤارد لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دامەزرا. دامەزرێنەری سەرەکی مارک زوکەربێرگ بوو، کە لەگەڵ هاوڕێکانی ئێدواردۆ ساڤەرین، ئەندریو مەککۆڵوم، داستین مۆسکۆڤیتز و کریس هیوز پلاتفۆرمەکەیان درووستکرد. لە سەرەتادا، فەیسبووک بە ناوی(The Facebook) دەستی پێکرد و تەنها وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بۆ خوێندکارانی هارڤارد کارەکانی دەکرد، کە ئامانجەکەی پەیوەندی نێوان خوێندکاران و هاوبەشکردنی زانیاری سەرەکییەکان بوو وەک ناو، وێنە، و بەشەکانی خوێندن. لە قۆناغی یەکەمدا، بەکارهێنەران دەبوو ناونیشانی ئیمەیڵی زانکۆییان (edu.) هەبێت بۆ تۆمارکردن، کە ئەمەش سنووردارییەکی گەورە بوو. لە نیسانی ٢٠٠٤، فەیسبووک فراوان بوو بۆ زانکۆکانی تر وەک یەیڵ و ستانفۆرد، و لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ هەموو کەسێک کرایەوە کە تەمەنیان لە ١٣ ساڵ زیاتر بێت، کە ئەمەش قۆناغێکی گرنگ بوو لە گەشەکردنی. تایبەتمەندی "ستۆری" بە شێوەیەکی فەرمی لە ٢٠١٧ زیاد کرا، کە لە سناپچاتەوە وەرگیراوە، و ئامانجەکەی هاوبەشکردنی وێنە و ڤیدیۆی کاتی بوو کە دوای ٢٤ کاتژمێر دەسڕدرایەوە. بە تەواوەتی، قۆناغەکانی گەشەکردنی فەیسبووک بریتی بوون لە: (١) دامەزراندن وەک تۆڕێکی تایبەت بۆ خوێندکاران لە ٢٠٠٤، (٢) فراوانبوون بۆ زانکۆکانی تر لە ٢٠٠٥، (٣) کرانەوە بۆ گشتی لە ٢٠٠٦، (٤) زیادکردنی تایبەتمەندییەکانی وەک (Marketplace ) لە ٢٠١٦ و (Stories) لە ٢٠١٧. ئێستا فەیسبووک زیاتر لە ٢.٩ ملیار بەکارهێنەری چالاک هەیە، و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بازرگانی، و هەواڵەکان هەبووە(Shih C, 2012: 41-42) .

**٢. ئینستاگرام (Instagram)**

ئینستاگرام لە ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ لە شاری سانفرانسیسکۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دامەزرا. دامەزرێنەرەکانی بریتی بوون لە (کێڤین سیسترۆم )و (مایک کریگەر). لە سەرەتادا، ئینستاگرام وەک ئەپڵیکەیشنێکی سادە دەستی پێکرد کە تەنها بۆ هاوبەشکردنی وێنە بە فیلتەرە دیجیتاڵییەکان بوو، کە وێنەکان دەکاتە جوانتر، و تەنها لەسەر ئایفۆن کارەکانی دەکرد. ئامانجە سەرەکییەکەی درووستکردنی پلاتفۆرمێک بوو کە خەڵک بتوانن بە خێرایی وێنەکانیان بڵاو بکەنەوە. لە قۆناغی یەکەمدا، ئینستاگرام زۆر سادە بوو و تەنها

تایبەتمەندییەکانی وەک (لایک)، (کۆمێنت)، و (فیلتەرەکان) لەخۆدەگرت. لە ساڵی ٢٠١٢، (فەیسبووک) ئینستاگرامی بە یەک ملیار دۆلار کڕی، کە ئەمەش قۆناغێکی نوێی دەستپێکرد بۆ گەشەکردنی (ئینستاگرام). تایبەتمەندی ("Story") لە ئابی ٢٠١٦ زیاد کرا، کە وەک سناپچات وێنە و ڤیدیۆی کاتی ٢٤ کاتژمێری پیشان دەدات، و ئەمەش یارمەتیدا ئینستاگرام زیاتر بەناوبانگ بێت. قۆناغەکانی گەشەکردن بریتی بوون لە: (١) دامەزراندن وەک ئەپڵیکەیشنێکی وێنە لە ٢٠١٠، (٢) کرانەوە بۆ ئەندرۆید لە ٢٠١٢، (٣) زیادکردنی ڤیدیۆ لە ٢٠١٣، (٤) زیادکردنی (Stories) لە ٢٠١٦، و (٥) پەرەپێدانی تایبەتمەندییەکانی وەک (Reels) لە ٢٠٢٠ بۆ ڤیدیۆ کورتەکان. ئێستا ئینستاگرام زیاتر لە (١.٤ ملیار) بەکارهێنەری چالاک هەیە، و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بازرگانی، هونەر، و کلتوری وێنەگرتن هەبووە (Zappavigna, M, 2016: 112).

**٣. تویتەر (X)**

ویتەر لە ٢١ی ئازاری ٢٠٠٦ لە شاری سانفرانسیسکۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دامەزرا و دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە جاک دۆرسی، بیز ستۆن، و ئێڤان ویلیامز. لە سەرەتادا، تویتەر وەک پلاتفۆرمێکی پەیامناردنی کورت کاردەکرد، کە بەکارهێنەران دەیانتوانی پەیامەکانیان لە ١٤٠ نووسەدا بنێرن. ئامانجە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە هاوبەشکردنی بیرۆکە و هەواڵەکان بە شێوەیەکی خێرا. لە قۆناغی یەکەمدا، تویتەر زیاتر وەک ئامرازێک بۆ گفتوگۆی سادە کاردەکرد، و زۆرجار بەکارهێنەران هەواڵە کەسییەکانیان تێدا بڵاودەکردەوە. لە ساڵی ٢٠١٧، سنووری نووسەکان بۆ ٢٨٠ نووسە بەرزکرایەوە بۆ گونجاندنی گفتوگۆی زیاتر. تایبەتمەندی "ستۆری" بە شێوەیەکی نافەرمی بە ناوی(Fleets) لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ زیاد کرا، بەڵام لە ٢٠٢١ سڕایەوە چونکە بەکارهێنەران پێشوازییەکی زۆری لێنەکرد. لە ساڵی ٢٠٢٢، ئیلۆن مەسک تویتەری کڕی و ناوی گۆڕی بۆ "X"، کە قۆناغێکی نوێی دەستپێکرد بۆ گۆڕانکارییە گەورەکان. قۆناغەکانی گەشەکردن بریتی بوون لە: (١) دامەزراندن وەک پلاتفۆرمێکی تویتە کورتەکان لە ٢٠٠٦، (٢) فراوانبوون و بەناوبانگبوون لە ٢٠٠٨-٢٠١٠، (٣) زیادکردنی تایبەتمەندییەکانی وەک (Retweet) لە ٢٠٠٧ و (Spaces) لە ٢٠٢٠، (٤) گۆڕینی ناو بۆ X لە ٢٠٢٣. ئێستا زیاتر لە ٣٦٨ ملیۆن بەکارهێنەری چالاک هەیە، و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەواڵەکان و گفتوگۆی کۆمەڵایەتی هەبووە(القرني، ٢٠١٨: ٢٠).

**٤. یوتوب (YouTube)**

یوتوب لە ڕۆژی ١٤ی شوباتی ٢٠٠٥ لە شاری سانفرانسیسکۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دامەزرا. دامەزرێنەرەکانی چاد هێرلی، ستێڤ چین، و جاوید کەریم بوون. لە سەرەتادا، یووتوب وەک پلاتفۆرمێک دەستی پێکرد کە بەکارهێنەران دەتوانن ڤیدیۆکانی خۆیان بارکەن و بڵاوی بکەنەوە، و یەکەم ڤیدیۆ کە تێدا بڵاوکرایەوە ناوی("Me at the Zoo ) بوو کە لە نیسانی ٢٠٠٥ بارکرا. لە قۆناغی یەکەمدا، یووتوب زیاتر بۆ هاوبەشکردنی ڤیدیۆی کەسی و سەرگەرمی بوو، و سنوورێکی کەمی تەکنیکی هەبوو. لە ساڵی ٢٠٠٦، گووگڵ یووتوبی بە ١.٦٥ ملیار دۆلار کڕی، کە قۆناغی گەشەکردنی گەورەی دەستپێکرد. تایبەتمەندی "ستۆری" بە شێوەیەکی فەرمی لە ٢٠١٧ زیاد کرا بۆ بەکارهێنەرانی بەناوبانگ، کە دوای ٧ ڕۆژ دەسڕدرایەوە (جیاواز لە ٢٤ کاتژمێر)، بەڵام لە ٢٠٢٣ کۆتایی پێهات بۆ ئەوەی تەرکیز لەسەر (Shorts) بکرێت کە لە ٢٠٢٠ داهێنرابوو. قۆناغەکانی گەشەکردن بریتی بوون لە: (١) دامەزراندن وەک پلاتفۆرمێکی سادە لە ٢٠٠٥، (٢) کڕین لەلایەن گووگڵ لە ٢٠٠٦، (٣) زیادکردنی (Live Streaming) لە ٢٠١١، (٤) پەرەپێدانی (Shorts) لە ٢٠٢٠. ئێستا یووتوب زیاتر لە ٢.٦ ملیار بەکارهێنەری چالاک هەیە، و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پەروەردە و فێرکردن، ڤیدیۆی جێژبەخش و کات بەسەربردن، و بازرگانی هەبووە (رحماني، ٢٠٢١: ٦).

**٥. لینکدین (LinkedIn)**

لینکدین لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دامەزرا. دامەزرێنەری سەرەکی ڕید هۆفمان بوو. لە سەرەتادا، لینکدین وەک تۆڕێکی پیشەگەری دەستی پێکرد کە تەنها بۆ پەیوەندی نێوان کارمەندان و کۆمپانیاکان بوو، و بەکارهێنەران دەتوانن پرۆفایلی کارەکانیان دروست بکەن و پەیوەندی بکەن. لە قۆناغی یەکەمدا، لینکدین زیاتر وەک ئامرازێکی پیشەیی سادە کارەکانی دەکرد بۆ دۆزینەوەی کار. تایبەتمەندی "ستۆری" بە شێوەیەکی فەرمی لە ٢٠٢٠ زیاد کرا، کە بەکارهێنەران دەتوانن وێنە و ڤیدیۆی پیشەیی بۆ ٢٤ کاتژمێر بڵاو بکەنەوە، بەڵام لە ٢٠٢١ کۆتایی پێهات چونکە بەکارهێنەران پێشوازییەکی گونجاو لێنەکرد. لە ساڵی ٢٠١٦، مایکرۆسۆفت لینکدینی کڕی. قۆناغەکانی گەشەکردن بریتی بوون لە: (١) دامەزراندن وەک تۆڕێکی پیشەگەری لە ٢٠٠٢، (٢) بڵاوبوونەوەی گشتی لە ٢٠٠٦، (٣) زیادکردنی تایبەتمەندییەکانی وەک (Learning) لە ٢٠١٥. ئێستا لینکدین زیاتر لە ٨٣٠ ملیۆن بەکارهێنەری چالاک هەیە، و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بازاڕی کار و پەیوەندییە پیشەگەرییەکان هەبووە(Vickey, T, 2011: 13) .

**خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

**١. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک پلاتفۆرمێکی سەرەکی و پێشکەوتوو کاردەکات کە تاکەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لەگەڵ هاوڕێکان، ئەندامانی خێزان، و کۆمەڵگەیەکی جیهانی پەیوەست دەکات، کە ئەمەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەیەکی دیجیتاڵیدا بەرز دەکاتەوە و پلەیەکی نوێی هاوبەشی و پەیوەندیی مرۆیی پێشکەش دەکات (السيد، أحمد، ٢٠١٩: ٧).

**٢. بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێکی بێهاوتا و سەردەمیانە بە بەکارهێنەران دەدات کە هەواڵ و زانیاری، هەواڵ، و ناوەڕۆکی جۆراوجۆر بە خێرایی و بە شێوەیەکی جیهانی بڵاو بکەنەوە، کە ئەمەش وەک میدیایەکی نوێ جێگەی میدیای کۆن وەک ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن دەگرێتەوە و چالاکییەکانی گەیاندن لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشە پێدەدات(Potter, W. J, 2010: 22).

**٣. بازاڕگەری و بازرگانی:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی کاریگەر و ستراتیژی، توانایەکی زۆر بە کۆمپانیاکان و بازرگانان دەدات کە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی ئامانجدار و بەرچاو بگەیەننە کڕیاران، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکانی بازاڕکردنی

دیجیتاڵی وەک ڕێکلامەکانی سەر تۆڕەکان، پۆستی کەسایەتییە دیارەکانی ناو کۆمەڵگە، و چالاکییەکانی خۆیان یان فرۆشتنەکانیان بەرزبکەنەوە و قازانجێکی باشتر بەدەستبێنن (مركز الدراسات الإعلامية العربية، ٢٠٢٢: ٦٧).
**٤. پەروەردە و فێربوون:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەیەکی پەروەردەیی سەردەمیانە و پتەو کاردەکات، کە خوێندکاران و فێرخوازان دەتوانن لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانیەوە بە شێوەیەکی چالاکانە زانیاری وەربگرن، سەرچاوەکانی فێربوون وەک پەرتووکی (PDF) ، وتارە زانستییەکان، و ڤیدیۆکانی وانە سەیربکەن، و بەشداری لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی نوێدا بکەن کە لەگەڵ تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا گونجاوە، بەشێوەیەکی خۆڕایی بەژداری لە هەر کۆرسێکی فێربووندا بکەن (عباس، ٢٠٢٣: ٨).
**دووەم/هۆشیاریی میدیایی**

**چەمک و پێناسەی هۆشیاریی میدیایی**
هۆشیاری میدیایی لە کۆمەڵێک توانای زەینی، شیکاری، و پراکتیکی ، کە تاکەکان لە ڕێگەیەوە دەتوانن ناوەڕۆکی میدیایی، وەک هەواڵ، ڕێکلام، یان ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە وەربگرن، شیبکەنەوە، و هەڵسەنگاندنی بکەن. ئەم چەمکە لەسەر تێگەیشتنێکی بنەڕەتی دامەزراوە کە میدیا وەک ئامرازێکی کاریگەر دەتوانێت تێڕوانینەکان لە قاڵب بدات (Selwyn and Cranmer, S, 2016: 95).
هۆشیاری میدیایی بریتییە لە توانای تێگەیشتن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە لە فۆرمەکانی جیاوازی میدیا، هەروەها لە دانانن بە چۆنیەتی دروستبوونی پەیامەکانی میدیا، مەبەستەکانی پشتیان و کاریگەرییەکانیان لەسەر تاک و کۆمەڵگا، هۆشیاری میدیا یارمەتی خەڵک دەدات کە لایەنگری و چەشنە کۆنەپەرستان و زانیاری هەڵە دەستنیشان بکەن، لە هەمان کاتدا فێریان دەکات کە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە میدیا بەکاربهێنن.(Silverblatt et al., 2014 :23)
هۆشیاری میدیایی تاکەکان لە وەرگری سادەی زانیاری دەگوازێتەوە بۆ بەکارهێنەرێکی ئاگادار و چالاک، کە نەک تەنها ناوەڕۆک وەردەگرن، بەڵکو دەتوانن ناوەڕۆک دروست بکەن و بە شێوەیەکی بەرپرسانە بەشداری لە بڵاوکردنەوەی زانیاریدا بکەن. ئەم جیاوازییە لە بەکارهێنانی کۆنەی میدیا (کە زۆرتر یەک لایەنە بوو) دیارە، لە سەردەمی دیجیتاڵیدا تاکەکان دوو ڕۆڵی هاودەم دەگێڕن: وەرگر و بەرهەمهێنەر. لە زانستی میدیا و گەیاندندا، هۆشیاری میدیایی وەک توانایەکی سەرەکی دەبینرێت کە تاکەکان لە زانیاری گومڕاکەر دەپارێزێت و یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی زانا و چالاک (کەریم، ٢٠٢٣: ٢٣).
**ئەرکە سەرەکییەکانی هۆشیاری میدیایی**
**١. ڕەخنەگرتن و شیکاری:** هۆشیاری میدیایی تاکەکان بە توانایەکی ڕەخنەگرانەی بەهێز دەوەشێنێتەوە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانن ناوەڕۆکی میدیایی بە وردی شی بکەنەوە و پێکهاتەکانی وەک سەرچاوە، ئامانجەکان، و پەیامە پەنهانەکانی تێدا بناسنەوە و بە شێوەیەکی زانستی هەڵسەنگاندنی بکەن (محمود، ٢٠٢١: ٢٨).
**٢. تێگەیشتن لە کاریگەرییە میدیاییەکان:** ئەم ئەرکە وەک پلەیەک کاردەکات کە تاکەکان لێیەوە دەتوانن کاریگەرییە دیارەکانی میدیا لەسەر بیرورا، هەستەکان، و ڕەفتارەکانی خۆیان و کۆمەڵگەی دەوروبەریان بزانن و تێی بگەن. بۆ نموونە، تێگەیشتن لەوەی کە میدیا چۆن دەتوانێت زانیاری بە شێوەیەکی هەڵبژاردەیی پیشان بدات بۆ گۆڕینی تێڕوانینەکان، یان چۆن لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەستەوە وەک ترس و خۆشدڵی، بۆچوونی گشتی بەرەو لایەکە ببات، توانایەکی گرنگە (Buckingham, D, 2003: 50).
**٣. جیاکردنەوەی زانیاری دروست لە نادروست:** هۆشیاری میدیایی تاکەکان بەرگەیی دەکات کە بتوانن بە شێوەیەکی ورد و ڕێکوپێک زانیاری دروست و باوەڕپێکراو لە زانیاری هەڵە، گومڕاکەر، یان ساختە جیا بکەنەوە، کە ئەمەش وەک مهارتێکی سەرەکی لە سەردەمی زانیاری دیجیتاڵیدا دەردەکەوێت(Selwyn and Cranmer, 2016: 127) .
**٤. بەکارهێنانی بەرپرسانەی میدیا:** ئەم ئەرکە تاکەکان هاندەدات کە میدیا بە شێوەیەکی ئاگادارانە و بەرپرسانە بە کار بهێنن، کە لە خۆیدا بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست و پشتڕاستکراو، وەک هاوبەشکردنی وتارە زانستییەکان یان هەواڵە فەرمییەکان، پاراستنی ئەخلاقییەتی گەیاندن لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی قسەی ڕەگەزپەرستی یان توندوتیژی، و هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری زیانبەخش یان هەڵە کە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە دروست بکات، لە خۆ دەگرێت. ئەمەش تاکەکان دەکاتە بەشدارانی چالاک و بەرپرس لە کۆمەڵگەی دیجیتاڵی(Woolfolk, 2019: 24) .
**٥. تێگەیشتن لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری:** هۆشیاری میدیایی تاکەکان خاوەن توانایەک دەکات کە بتوانن سیاقە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی پشت ناوەڕۆکی میدیا تێبگەن، وەک ئەوەی کە چۆن پەیامە میدیاییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو یان کەلتوورێکی تایبەت پەیوەستن، و چ کاریگەرییەک لەسەر کۆمەڵگە و بەهاکانی دروست دەکەن(Baumeister & Vohs, 2007: 44) .
**٦. پاراستن لە زانیاری هەڵە و گومڕاکەر:** هۆشیاری میدیایی وەک سپەرێکی پارێزەر بۆ تاکەکان کاردەکات کە لە زانیارییە نادروست و گومڕاکەرەکان دەیانپارێزێت، کە لە سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان و بە خێراییەکی زۆر بڵاو بۆتەوە، وەک هەواڵە ساختەکان کە بە مەبەستی گۆڕینی بۆچوونی گشتی دروست دەکرێن، یان ڕێکلامە گومڕاکەرەکان کە بە وێنەیەکی ناواقیعی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان پیشان دەدەن بۆ فریودانی بەکارهێنەران(محمود، ٢٠٢١: ٨١).
**٧. بەرزکردنەوەی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی:** هۆشیاری میدیایی وەک ئامرازێکی گرنگ، یارمەتی تاکەکان دەدات کە تێگەیشتنێکی قووڵتر، وردتر، و هەمەلایەنە لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بە دەست بهێنن، وەک کێشە هەستیارەکانی وەک نایەکسانی کۆمەڵایەتی

که له نێوان چینه جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت، گۆڕانی کەشـوهەوا کە کاریگەرییەکی جیهانی لەسـەر ژینگە و ژیانی مرۆڤ هەیە، یان مافەکانی مرۆڤ کە لە زۆر شوێندا پێشێل دەکرێن و پێویستیان بە پشتیوانی و تیشکخستنەوەیە (الجبوري، ٢٠٢٠: ٦٥).
**٨. پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** هۆشـــیاری میدیایی وەک توانایەکی ســـەرەکی، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بەرزکردنەوەی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی تاکەکان، کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانن زانیارییەکان بە شـــێوەیەکی زانســـتی و مەنتیقی هەڵســـەنگێنن و بە دوور لە کاریگەرییە هەستئامێزەکان، بنەمایەکی پتەو بۆ بڕیاردانی خۆیان دروست بکەن (Peter, 2018: 14).
**٩. هاندانی هاوسـۆزی کۆمەڵایەتی:** هۆشـیاری میدیایی وەک هێزێکی هاندەر کاردەکات کە تاکەکان بەرەو هاوسـۆزییەکی زیاتر لەگەڵ کەسـانی دیکە و کۆمەڵگەی دەوروبەریان ڕێدەکات، چونکە ئەم هۆشـــیارییە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشـــتنێکی قووڵتر لە پەیامە میدیاییەکان و ســـیاقە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانیان، وەک دیتنی ڕووداوەکان لە چوارچێوەیەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتیدا (Selwyn and Cranmer, 2016: 89).
**١٠. پتەوکردنی بەشـداری دیموکراسی:** هۆشـیاری میدیایی وەک بناغەیەکی گرنگ، بەشـداری تاکەکان لە پرۆسـەی دیموکراسـیدا بەهێز دەکات، چونکە ئەم هۆشیارییە توانای ئاگادارانەیان بۆ گۆڕینی بۆچوونەکان لەگەڵ یەکدی پەرە پێدەدات، وەک بەشداریکردن لە گفتوگۆی گشـتی لەسـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان لە کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، و هەروەها بەشـداریکردن لە بڕیاردانی سـیاسی، وەک دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان یان پشتگیری لە سیاسەتەکان (عباس، ٢٠٢٣: ١٣).

**گرنگی هۆشیاری میدیایی**

**١. کارلێکی کۆمەڵایەتی:** هۆشـــیاری میدیایی گرنگیەکی زۆری هەیە لەســـەری کاریگەری بۆ کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان چونکە یارمەتی تاکەکان دەدات بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانە زانیاری هەڵبســەنگێنن، لایەنگران بناسـن و بەرپرسـیارانە بەشـداری پەیوەندی ئۆنلاین و ئۆفلاین بکەن، تێگەیشـــتن لە بابەتەکان و گفتوگۆی ئاگادارانە بەرەوپێش دەبات، بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە و درۆ لە هەموو پرس و بابەتەکان بەرەو کەم بوونەوە دەبات، بە بەرزکردنەوەی خوێندەواری دیجیتاڵی، هۆشـیاری میدیایی پەیوەندی تەندروسـتتر و پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی باشـتر لە کۆمەڵگەدا بەرەوپێش دەبات (الشميري، ٢٠١٠: ٢٥-٢٨)
**٢. تێگەیشـــتن لە پەیامی میدیایی:** هۆشـــیاری میدیا بۆ تێگەیشـــتن لە پەیامەکانی میدیا زۆر گرنگە چونکە تاکەکان دەتوانن بە شـــێوەیەکی ڕەخنەگرانە ناوەڕۆک شی بکەنەوە و هاندەرە شاراوەکانی پشت هەر بابەتێکی بڵاوکراوە دەستنیشـان بکەن و جیاوازی بکەن لە نێوان هەواڵی ڕاسـتی و سـاختە، یارمەتی خوێنەران دەدات بۆ تێگەیشـتن لە پەیامی ڕاسـتەقینەی هەر میدیایەکی بەرکار، بە هۆشـیارییەکی بەهێزی میدیا، خەڵک دەتوانن پەیامەکان بە وردی لێکبدەنەوە و بڕیاری ئاگادارانە بدەن و تاکەکان بەهێز دەکات کە بەکارهێنەری چالاک و هۆشـــیاری زانیاری بن نەک تەنها وەرگرێک (المسعودي، ٢٠٢٥: ٤٢٥).
**٣. بەشـــداری گەنجان لە کۆمەڵگە:** هۆشـــیاری میدیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هاندانی بەشـــداریکردنی گەنجان لە کۆمەڵگادا بە یارمەتیدانی گەنجان لەوە تێبگەن، کە چۆن میدیا کاریگەری لەســـەر بۆچوون و ڕەفتار و بەها کۆمەڵایەتییەکان هەیە، دەســـەڵاتیان پێدەدات، کە بەرپرسـیارانە بۆچوونەکانیان دەربڕن و بەشـداری گفتوگۆی مەدەنی بکەن و بەشـداری لە گۆڕانکاری بکەن، لە ڕێگەی خوێندەواری میدیایی ڕەخنەگرانەوە، گەنجان دەبنە هاووڵاتییەکی ئاگادار کە توانای دەســـتنیشـــانکردنی زانیاری هەڵە و بەشـــداریکردنی ئەرێنییان لە پرۆســـەی دیموکراسی و گەشەپێدانی کۆمەڵگادا هەیە (قاسم و الاخرون، ٢٠٢٥: ٧٥).
**٤. بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی میدیا:** هۆشیاری میدیا هانی تاکەکان دەدات، کە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە میدیا بەکاربهێنن بە تێگەیشـــتن لە کاریگەری هەڵبژاردنەکانیان لەســـەر کۆمەڵگا و خۆیان، بینەران فێری ئەوە دەکات کە بەدوای ســـەرچاوەی باوەڕپێکراودا بگەڕێن، ڕاسـتییەکان پشـتڕاسـت بکەنەوە و خۆیان لە هاوبەشـکردنی زانیارییە پشـتڕاسـتنەکراوەکان بەدوور بگرن، بەکارهێنانی بەرپرسـیارانە بڵاوبوونەوەی هەواڵی سـاختە و چەشـنە کۆنەپەرسـتانە زیانبەخشـەکان کەمدەکاتەوە، هەروەها یارمەتی خەڵک دەدات هاوسـەنگی لە نێوان بەکارهێنانی میدیا لەگەڵ کارلێکەکانی ژیانی ڕاستەقینەدا دروست بکەن، ئەمەش خووی تەندروستتر بەرەوپێش دەبات (غرايبية، ٢٠٢٠: ٥٠)
**٥. پێشخستنی تێگەیشتنی کولتووری:** هۆشیاری میدیا یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ ناسـینی کولتووری جۆراوجۆر و ئاڵنگاری ئەو چەشـنەی کە لە میدیاکاندا وێنا دەکرێن، بە تێگەیشـــتن لەوەی کە چۆن تێڕوانینەکان لە قاڵب دەدات، بینەران دەتوانن بە قووڵی قەدری کولتوور و دیدگا جیاوازەکان بزانن، ئەم هۆشیارییە ڕەخنەگرتن کەمدەکاتەوە، هاندەری هاوسۆزییە و پەرە بە ئاستی ناسینی نێوان کولتوورەکان دەدات، هەروەها یارمەتی پاراســـتنی دەنگی کەمینەکان دەدات لە چەواشـــەکاری، بۆیە هۆشـــیاری میدیایی وەک بناغەیەک بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی گشتگیر کە ڕێز لە ناسنامەی کولتووری بگرن و لە هەمان کاتدا بەرەو پێشخستنی لێکتێگەیشتن و هاوکاری جیهانی کاردەکات (متولي، ٢٠٢٥: ٣١٥).

**تەوەری سێهەم/پراکتیکنامەی توێژینەوەکە**

خشتەی (٢) تایبەتمەندیە دیموگرافیەکانی مشتەی (مشتی)توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیموگرافی | برگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | مێ | ٣٧٨ | ٤٩،٩ | ٢ |
| | نێر | ٣٧٩ | ٥٠،١ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٧٥٧ | ١٠٠ | |
| تەمەن | ١٨-٢٠ ساڵ | ٦٧ | ٨،٩ | ٤ |
| | ٢١-٢٣ ساڵ | ٢٠٣ | ٢٦،٨ | ٢ |
| | ٢٤ بۆ ٢٦ ساڵ | ٣٢٧ | ٤٣،٢ | ١ |
| | ٢٧ ساڵ و زیاتر | ١٦٠ | ٢١،١ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٧٥٧ | ١٠٠ | |
| قۆناغی خوێندن | یەکەم | ٢١ | ٢،٨ | ٤ |
| | دووهەم | ١٩٨ | ٢٦،٢ | ٣ |
| | سێهەم | ٢٩١ | ٣٨،٤ | ١ |
| | چوارهەم | ٢٤٧ | ٣٢،٦ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٧٥٧ | ١٠٠ | |
| کۆلێژ | زانستییەکان | ٢٦٥ | ٣٥ | ٢ |
| | مرۆڤایەتییەکان | ٤٩٢ | ٦٥ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٧٥٧ | ١٠٠ | |
| زانکۆ | هەڵەبجە | ١١١ | ١٤،٧ | ٤ |
| | دهۆک | ٢١٠ | ٢٧،٧ | ٣ |
| | صەلاحەدین | ٢١٤ | ٢٨،٣ | ٢ |
| | سلێمانی | ٢٢٢ | ٢٩،٣ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٧٥٧ | ١٠٠ | |

| زانکۆ | ژمارەی خوێندکاران | ڕێژەی وەرگرتن | ژمارەی سامپڵ |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٢٢٢٠٠٠ | %١ | ٢٢٢ |
| صلاح الدین | ٢١٤٠٥٨ | %١ | ٢١٥ |
| دهۆك | ٢١٠٠٠ | %١ | ٢١٠ |
| هەڵەبجە* | ٢٧٥٨ | %٤ | ١١٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی دیموگرافی مشتەی (مشتی) توێژینەوەکە لەرەگەزدا (نێر) بە پلەی یەکەم و (مێ) بە پلەی دووهەم دێت، هەروەها لەتەمەندا ٢٤ بۆ ٢٦ ساڵ) بە پلەی یەکەم و (١٨ بۆ ٢٠ ساڵ) بە پلەی کۆتایی دێت، لەقۆناغەکانی خوێندندا (قۆناغی سێهەم) بە پلەی یەکەم و (قۆناغی یەکەم) بە پلەی کۆتایی دێت، لەبەشە زانستییەکاندا (راگەیاندن/میدیا) بە پلەی یەکەم و (دەروونزانی، مارکێتینگ، تەکنیکی وەرگێڕان، میکانیک، زانستی سیاسی) بە پلەی کۆتایی دێت، لەکۆلێژدا (مرۆڤایەتییەکان) بە پلەی یەکەم و (زانستییەکان) بە پلەی کۆتایی دێت، لەزانکۆدا (سلێمانی) بە پلەی یەکەم و (هەڵەبجە) بە پلەی کۆتایی دێت، لەنێو برگەکانی تری تایبەتمەندییە دیمۆگراگییەکان، ئەمەش رەنگدانەوەی سروشتی پراکتیزەکردنی ئامرازی توێژینەوە دەردەخات لەسەر مشتەی توێژینەوەکە.

خشتەی (٣) ئاستی بەکار هێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مشتەی توێژینەوەکە

| ڕگەکان | دوبارەبونەوە | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| بەردەوام | ١٦٥ | ٢١،٨ | ٣ |
| زۆرجار | ٢٠٨ | ٢٧،٥ | ٢ |
| هەندێکجار | 266 | 35،1 | ١ |
| بەدەگمەن | ١١٨ | ١٥،٦ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٧٥٧ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کە مشتەی(**(مشتی)**) توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم هەندێکجار تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بە پلەی دووهەم زۆرجار تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بە پلەی سێهەم بەردەوام تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بە پلەی چوارهەم بەدەگمەن تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەئاستێکی بەرز لای مشتەی توێژینەوە بەکاردەهێنرێت.

خشتەی (٤) رۆژانەی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مشتەی(مشتی) توێژینەوەکە

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ١ کاتژمێر | 106 | ١٥،٣ | ٤ |
| ٢ بۆ ٣ کاتژمێر | 224 | ٣٠،٩ | ١ |
| ٤ بۆ ٥ کاتژمێر | 214 | ٢٩،٦ | ٢ |
| ٦ کاتژمێر زیاتر | 173 | ٢٤،٢ | ٣ |
| کۆی گشتی | 707 | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت مشتەی(**مشتی**) توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم رۆژانە (٢ بۆ ٣) کاتژمێر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بە پلەی دووهەم رۆژانە (٤ بۆ ٥) کاتژمێر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بە پلەی سێهەم رۆژانە (٦) کاتژمێر و زیاتر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بە پلەی چواهەم رۆژانە (١) کاتژمێر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ سروشتی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مشتەی توێژینەوەکە.

خشتەی (٥) بەکارهێنانی جۆرەکانی تۆری کۆمەڵایەتی لەلایەن مشتەی توێژینەوەکە

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| فەیسبووک | 107 | ١٥،٥ | ٤ |
| ئینستاگرام | 209 | ٢٨،٩ | ١ |
| یوتیوب | 172 | ٢٤ | ٢ |
| ئێکس | 127 | ١٨،١ | ٣ |
| لینکدن | 92 | ١٣،٥ | ٥ |
| کۆی گشتی | 707 | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی جۆرەکانی تۆری کۆمەڵایەتی لەلایەن مشتەی(**مشتی**) توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم (ئینستاگرام) دێت، بە پلەی دووهەم (یوتیوب) دێت، بە پلەی سێهەم (ئێکس) دێت، بە پلەی چوارهەم (فەیسبووک) دێت، بە پلەی پێنجهەم (لینکدن) دێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مشتەی توێژینەوەکە لەنێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر تۆری ئینستاگرام بەکاردەهێنن بۆ دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان.

خشتەی (٦) پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لای مشتەی توێژینەوەکە

| برگەکان | دوبارەبونەوە | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| هەوال و زانیاری | ١٠٩ | ١٤،٤ | ٤ |
| پەرەوەردەو فێرکردن | 121 | ١٧،٣ | ٣ |
| هۆشیارکردنەوە | ١٤٨ | ١٩،٦ | ٢ |
| خۆشی و کات بەسەربردن | 48 | ٧،٧ | ٥ |
| ڕیکلام و بازارگەری | 48 | ٧،٧ | ٥ |
| گەڕان بەدوای هەلی کار | 44 | ٧،١ | ٦ |
| ئاگاداربوون لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان | 189 | ٢٦،٣ | ١ |
| کۆی گشتی | 707 | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لای مشتەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم بۆ ئاگاداربوونە لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان، بە پلەی دووهەم بۆ هۆشیارکردنەوەیە، بە پلەی سێهەم بۆ پەرەوەردە و فێرکردنە، بە پلەی چوارهەم بۆ بەئاگابوونە لە هەوال و زانیارییەکان، بە پلەی پێنجهەم بۆ خۆشی و کات بەسەربردن و ڕیکلام و بازارگەرییە، بە پلەی شەشەم بۆ گەڕانە بەدوای هەلی کاردا، ئەمەش ئاماژەیەکی تەواو دروستە لای مشتەی توێژینەوەکە کەبۆ ئاگاداربوون لەڕووداوە جۆراوجۆرەکان پشت بەتۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن.

خشتەی (٧) پەیامی میدیایی تەماشاکراو لەلایەن مشتەی(مشتی) توێژینەوەکە لەتۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا

| برگەکان | دوبارەبونەوە | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| تێکست | ٦٤ | ٥،٨ | ٦ |
| فۆتۆ | ٨٦ | ١١،٤ | ٤ |
| دەنگ | ١٠٦ | ١٤ | ٣ |
| ڤیدیۆ | ١٢٨ | ١٦،٩ | ١ |
| تێکست و فۆتۆ | ١١٦ | ١٥،٣ | ٢ |
| تێکست و دەنگ | ٦٤ | ٨،٥ | ٦ |
| تێکست و ڤیدیۆ | ٦٦ | ٨،٧ | ٥ |
| فۆتۆ و دەنگ | ٣٦ | ٤،٨ | ٨ |
| فۆتۆ و ڤیدیۆ | ٣٥ | ٤،٦ | ٩ |
| ڤیدیۆ و دەنگ | ٥٦ | ٧،٤ | ٧ |
| کۆی گشتی | ٧٥٧ | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت پەیامی میدیایی تەماشاکراو لەلایەن مشتەی(**مشتی**) توێژینەوەکە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەپلەی یەکەم ڤیدیۆیە، بەپلەی دووهەم تێکست و فۆتۆیە، بەپلەی سێهەم دەنگە، بەپلەی چوارهەم فۆتۆیە، بەپلەی پێنجهەم تێکست و ڤیدیۆیە، بەپلەی شەشەم تێکست و دەنگە، بەپلەی حەوتەم ڤیدیۆ و دەنگە، بەپلەی هەشتەم فۆتۆ و دەنگە، بەپلەی نۆیەم فۆتۆ و ڤیدیۆیە، ئەمەش تەواو ڕەنگدانەوەی سروشتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لەلای مشتەی توێژینەوەکە بۆ کەرەستەی میدیایی هەمەجۆر.

خشتەی (٨) جۆرەکانی کارلێکی مشتەی توێژینەوەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

| ڕیزبەندی | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕگەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٤،٢ | ١٨٣ | لایک |
| ٢ | ١٣،٧ | ١٠٤ | کۆمێنت |
| ٣ | ١٣،٥ | ١٠٢ | شەیر |
| ٤ | ١٠،٤ | ٧٩ | تاگ |
| ٥ | ٦،٩ | ٥٢ | کردنەوەی لاپەرە |
| ٧ | ٤،٩ | ٣٧ | بەشداربوون لە گروپ |
| ٦ | ٥،٨ | ٤٤ | ناردنی نامە |
| ٧ | ٤،٩ | ٣٧ | ئەلبومی وێنە |
| ٩ | ٢،٦ | 10 | کردنەوەی لایف |
| ١١ | ٢،١ | ١٦ | ڕیکلام |
| ٩ | ٢،٦ | 10 | بازارگەری |
| ١١ | ٢،١ | 5 | پۆک |
| ١٠ | ٢،٥ | 9 | بلاوکردنەوەی بابەت بەشێوەی تێکست |
| ٨ | ٣،٨ | 19 | لایف ستایل |
| | ١٠٠ | 707 | کۆی گشتی |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت جۆرەکانی کارلێکی مشتەی(**مشتی**) توێژینەوەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە پلەی یەکەم لایکە، بە پلەی دووهەم کۆمێنتە، بە پلەی سێهەم شەیرکردنە، بە پلەی چوارهەم تاگە، بە پلەی پێنجهەم کردنەوەی لاپەرەیە، بە پلەی شەشەم ناردنی نامەیە، بە پلەی حەوتەم بەشداربوون لە گروپ و ئەلبومی وێنەیە، بە پلەی هەشتەم لایف ستایلە، بە پلەی نۆیەم کردنەوەی لایف و بازارگەرییە، بە پلەی دەیەم بلاوکردنەوەی بابەتە بەشێوەی تێکست، بە پلەی یازدەیەم ریکلام و پۆکە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مشتەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کارا کارلێک لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات و زیاتر ڕەنگدانەوەی لەلایک و کۆمینت و شەیرکردنی بابەتەکاندا هەیە.

خشتەی (٩) پێداویستیەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای مشتەی (مشتی) توێژینەوەکە

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی | |
|---|---|---|---|---|
| پێداویستی مەعریفی | 323 | ٤٤ | ١ | |
| پێداویستی سۆزداری | 114 | ١٦،٤ | ٢ | |
| پێداویستی ویژدانی | 92 | ١٣،٥ | ٤ | |
| پێداویستی کۆمەڵایەتی | 102 | ١٤،٧ | ٣ | |
| پێداویستی دەروونی | 76 | ١١،٤ | ٥ | |
| کۆی گشتی | 707 | ١٠٠ | | |

خشتەی (١٠) ئاستی گرنگیدانی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | 167 | ٢٣،٤ | ٢ |
| زۆرجار | 153 | ٢١،٥ | ٣ |
| هەندێکجار | 194 | ٢٧،٢ | ١ |
| بەدەگمەن | 129 | ١٨،٤ | ٤ |
| هەرگیز | 62 | ٩،٥ | ٥ |
| کۆی گشتی | 707 | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت ئاستی گرنگیدانی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پلەی یەکەم هەندێکجارە، بە پلەی دووهەم بەردەوامە، بە پلەی سێهەم زۆرجارە، بە پلەی چوارهەم بەدەگمەنە، بەپلەی پێنجەهەم هەرگیزە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مشتەی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز گرنگی بەبابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن.

خشتەی (١١) ئاستی کارلێکردنی مشتەی توێژینەوەکە بە بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | 124 | ١٧،٧ | ٤ |
| زۆرجار | 141 | ١٩،٩ | ٢ |
| هەندێکجار | 202 | ٢٨ | ١ |
| بەدەگمەن | 113 | ١٦،٢ | ٥ |
| هەرگیز | 127 | ١٨،١ | ٣ |
| کۆی گشتی | 707 | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) دەردەکەوێت ئاستی کارلێکردنی مشتەی توێژینەوەکە بە بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پلەی یەکەم هەندێکجارە، بە پلەی دووهەم زۆرجارە، بە پلەی سێهەمیش هەرگیزە، بە پلەی چوارهەم بەردەوامە، بە پلەی پێنجەم بەدەگمەنە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مشتەی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز کارلێک دەکەن لەگەڵ بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

خشتەی (١٢) ئاستی متمانەبوونی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | 107 | ١٥،٥ | ٥ |
| زۆرجار | 128 | ١٨،٢ | ٤ |
| هەندێکجار | 206 | ٢٨،٥ | ١ |
| بەدەگمەن | 136 | ١٩،٣ | ٢ |
| هەرگیز | 130 | ١٨،٥ | ٣ |
| کۆی گشتی | 707 | ١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٢) دەردەکەوێت ئاستی متمانەبوونی مشتەی توێژینەوەکە بەبابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پلەی یەکەم هەندێکجارە، بە پلەی دووهەم بەدەگمەنە ، بە پلەی سێهەم هەرگیزە، بە پلەی چوارهەم زۆرجارە، بە پلەی پێنجەم بەردەوامە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مشتەی توێژینەوەکە بە ئاستی جۆراوجۆر متمانەیان لەلا دروست دەبێت بۆ بەبابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

خشتەی (١٣) بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلایەتەییەکان و ڕۆڵی لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی لای مشتەی (مشتی) توێژینەوەکە

| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان / هۆشیاری میدیایی | تەواو هاوڕام | | هاوڕام | | نازانم | | هاوڕانیم | | تەواو هاوڕانیم | | نیوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | دوبارە | ڕێژەی سەدی | | | |
| بابەتی میدیایی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە. | ٢١٩ | ١٣،٧ | ١٨١ | ١٢،٢ | ١٧٤ | ٩،٨ | ١٠٢ | ٨،٢ | ٨١ | ٥،٦ | ٣،٤٧ | ١،٣٢٠ | ١ |
| لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی بابەتە میدیاییەکان دەکرێت. | ١٦٢ | ١٠،١ | ١٨٤ | ١٢،٤ | ١٩١ | ١٠،٧ | ١٠٦ | ٨،٥ | ١٠٤ | ٧،٢ | ٣،٢٤ | ١،٣٢١ | ٣ |
| هەندێکجار کۆمێنت لەسەر بابەتە میدیاییە بڵاوکراوەکان | ١٥١ | ٩،٤ | ١٦٥ | ١١ | ٢٠١ | ١١،٣ | ١١٥ | ٩،٢ | ١٢٥ | ٨،٧ | ٣،١٣ | ١،٣٤٦ | ٤ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەکرێت لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. | | | | | | | | | | | | | |
| لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆچوون لەسەر بابەتە میدیاییە بڵاوکراوەکان دەخرێتە ڕوو. | ١٥٨ | ٩،٩ | ١٤٨ | ٩،٩ | ١٧٣ | ٩،٧ | ١٢٨ | ١٠،٢ | ١٥٠ | ١٠،٤ | ٣،٠٣ | ١،٤١٢ | ٥ |
| بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆشیاری دروست دەکات. | ١١٣ | ٧،١ | ١٦٨ | ١١،٢ | ١٦٤ | ٩،٢ | ١٣٧ | ١١ | ١٧٥ | ١٢،٢ | ٢،٨٨ | ١،٣٨٣ | ٧ |
| بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەکانیان نادیارە. | ١١٩ | ٧،٤ | ١٣٤ | ٩ | ١٩٠ | ١٠،٧ | ١٢٩ | ١٠،٣ | ١٨٥ | ١٢،٨ | ٢،٨٣ | ١،٣٨٩ | ٨ |
| بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵ و زانیاری هەڵەو ناراست لە خۆدەگرێت. | ١٣٥ | ٨،٤ | ١٣٥ | ٩ | ١٧٣ | ٩،٧ | ١٣٣ | ١٠،٦ | ١٨١ | ١٢،٧ | ٢،٨٨ | ١،٤١٩ | ٧ |
| بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خواست و داواکاریەکان ناگونجێت. | ١٣٤ | ٨،٤ | ١٢٩ | ٨،٦ | ١٨٧ | ١٠،٥ | ١٢٨ | ١٠،٢ | ١٧٩ | ١٢،٥ | ٢،٨٨ | ١،٤٠٨ | ٧ |
| بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەواشەکاری دروست دەکات. | ١٤١ | ٨،٨ | ١٣٥ | ٩ | ١٩٥ | ١١ | ١٢٤ | ١٠،١ | ١٦٢ | ١١،٢ | ٢،٩٦ | ١،٣٩٤ | ٦ |
| بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ٢٦٨ | ١٦،٨ | ١١٥ | ٧،٧ | ١٣١ | ٧،٤ | ١٤٦ | ١١،٧ | ٩٧ | ٦،٧ | ٣،٤١ | ١،٤٥٢ | ٢ |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆشیاری دروست ناکات. | | | | | | | | | | | | |
| کۆی گشتی | ١٦٠٠ | ١٠٠ | ١٤٩٤ | ١٠٠ | ١٧٧٩ | ١٠٠ | ١٢٤٨ | ١٠٠ | ١٤٣٩ | ١٠٠ | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٣) دەردەکەوێت لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلایەتەییەکان و رۆڵی لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی بۆچونی مشتەی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بابەتی میدیایی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٤٧) و لادانی پێوەری، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەئاگایی وگرنگیدان وپەیوەست بون و کارایی مشتەی توێژینەوەکە بە بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها مشتەی توێژینەوەکە بە پلەی کۆتایی ئاماژەیان بەوە داوە کە بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەکانیان نادیارە بە نێوەندی ژمێرەیی (٢،٨٣) و لادانی پێوەری (١،٣٨٩).

دەرەنجام وراسپاردەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

یەکەم/دەرئەنجامی توێژینەوەکە

١. تۆڕەکۆمەلایەتەییەکان رۆڵی هەیە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی میدیایی لای مشتەی توێژینەوەکە، بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بابەتی میدیایی لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە واتە ڕۆڵەکە بەپلەی یەکەم ئەرێنییە، هەروەها بە پلەی کۆتایی ئاماژەیان بەوە داوە کە، بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەکانیان نادیارە، واتە ڕۆڵەکە بە پلەی کۆتایی نەرێنییە.

2. پەیوەندیی ئاماژەی ئاماری لەنێوان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پێکهێنانی هۆشیاریی میدیایی لای مشتەی توێژینەوەکە هەیەو بە ڕێژەیەکی بەرز بەکارهێنەران تۆڕکۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن کە بەڕێژەی ریزبەندی بەرزترینی لە سەدا بیست وحەوت پۆینت پێنج ( ٢٧،٥) کە ڕێژەی زۆڕی بەکارهێنانە.

3. مشتەی توێژینەوەکە بە ئاستی جۆراوجۆر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ بەئاگابوون لە گرنگترین هەواڵ و زانیاریی و بابەت و کێشە و ململانێ جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان.

4. مشتەی توێژینەوەکە بە ئاستی جیاواز گرنگی بە بابەتی میدیایی بڵاوکراوە دەدەن لە سەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەو واتایەی بابەتی میدیایی جێی گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوەکەیە.

5. مشتەی توێژینەوەکە بە ئاستی جیاواز کارلێک دەکەن بە بابەتی میدیایی بڵاوکراوە لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هەربۆیە سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کارا کارلێک لەگەڵ بابەتی میدیاییدا دەکەن.

**دووەم/ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

١ توێژەران دەزگا میدیاییەکان رادەسپێرێتن بە گرنگیدانی زیاتر بە تۆرەکۆمەلایەتییەکان بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە زانیاریی میدیایی بڵاوبکەنەوە هەتا تەواوی گروپەکان و کۆمەڵگە بەگشتی و بەتایبەتی توێژی خوێندکارانی زانکۆ سودی لێوەربگرن.

٢. توێژەران ڕاسپاردە دەکەن بۆ خوێندکارانی زانکۆکان، کە گرنگی بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بدەن لە ڕووی کوالێتی و ناوەڕۆکی میدیایی و ڕاستی و دروستی سەرچاوەکانیان، هەوڵ بدەن مامەڵە لەگەل ئەو زانیاریانە بکەن، کە ڕاست و دروستە سەرچاوەکانیان بۆ ئەوەی رۆشنبیریان زیاد بێت و گەشە بە هۆشیاریی میدیاییان بدەن.

3. توێژەران ڕاسپاردە دەکەن بۆ خوێندکارانی زانکۆکان، کە هەڵسەنگاندنی گونجاو بکەن و هۆشیاریان هەبێت لە هەڵسەنگاندنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەسەر هۆشیاریی میدیا و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەنێو خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان"، ڕەهەندێک لە خوێندەواریی میدیایی ڕەخنەگرانە و بەشداریکردنی شیکاری زیاددەکات.

4. توێژەران ڕاسپارە دەکەن بۆ خوێندکارانی زانکۆکان بە گرنگی دان بە هۆشیاری میدیایی، کە جەخت لە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە بە شێوازێکی تەندروست و دووریانەخاتەوە لە گرفتی جەستە و دەروونی و زانینی هەڵە.

5. توێژەران ڕاسپاردە دەکەن بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان،کە ڕۆڵێکی چالاک لە پەرەپێدانی هۆشیاریی میدیایی خوێندکارەکاندا بگێڕن. بۆ نموونە، زانکۆکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە پەرەپێدانی هۆشیاریی میدیایی خوێندکارەکان بگێڕن. یەکێک لە ڕێگەکان دامەزراندنی کۆرسەکانی هۆشیاریی میدیایە، کە وەک بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن دەیخەنەڕوو. ئەم کۆرسانە دەتوانن فێری شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی ناوەڕۆکی میدیایی و جیاکردنەوەی زانیاری دروست لە نادروست جیابکەنەوە.

**سێهەم/ پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

١. دەکرێت توێژینەوەیکی هاوشـــێوە ئەنجام بدرێت بە فراوانکردنی گۆمەڵەی توێژینەوەکە، واتە هەڵبژاردنی هەموو زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان.

٢. پێشـــنیار بۆ توێژەرانی داهاتوو دەکەین، کە توێژینەوەی هاوشـــیوە ئەنجام بدرێت لەســـەر ژینگەیی چونکە هۆشـــیاری ژینگەیی کاریگەری

دروست دەكات لەسەر كۆمەڵگە بەگشتی و لە زانكۆكان بەتایبەتی، كاریگەریی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی لەنێو خوێندكارانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان.
٣. پێشنیار بۆ توێژەرانی داهاتوو دەكەین، بە گرنگی دانی زیاتر و توێژینەوەی ئەنجام بدەن لە پەیوەندیی نێوان بەكارهێنانی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان و ئاستی هۆشیاریی میدیا لە نێوان خوێندكارانی زانكۆ لە هەرێمی كوردستان و تێگەیشتنی زانیاری لای گەنجان لە هەرێمی كوردستان، گرنگیدان بە كولتوری گەنجان و تێڕوانین بۆ متمانەپێكراوی زانیاری فراوانتر دەكات.
٤. پێشنیار بۆ توێژەرانی داهاتوو دەكەین، بە ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و ئاستی هۆشیاری میدیا لە نێوان خوێندكارانی زانكۆ لە هەرێمی كوردستان.

**سەرچاوەكان**


**یەكەم: بە زمانی كوردی**

- كەریم، عەلی. (٢٠٢٣). ڕۆڵی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە پەرەپێدانی هۆشیاری میدیایی لە هەرێمی كوردستان. هەولێر: بە مانی عەرەبی

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

- السيد، أحمد. (٢٠١٩). "تأثير الفيسبوك على التحصيل الأكاديمي للطلاب". المجلة العربية للدراسات التربوية والنفسية،. عمان، الأردن. ٧.
- مركز الدراسات الإعلامية العربية. (٢٠٢٢). تقرير عن استخدام وسائل التواصل الاجتماعي في العالم العربي. الدوحة، قطر: مركز الدراسات الإعلامية العربية.
- الشميمري، فهد بن عبد الرحمن (٢٠١٠): التربية الإعلامية كيف نتعامل مع الإعلام، مكتبة ملك الفهد الوطنية، رياض.
- غرايبية، منال (٢٠٢٠): تأثير التربية الاعلامية على الوعي الاعلامي للطالب الجامعي، رسالة ماجستير منشورة، جامعة العربي التبسي - تبسة.

**سێیەم: گۆڤار بە زمانی عەرەبی**

- القرني، على بن سويعد (٢٠١٨): مدى استخدام المعلمين ألداة التواصل الاجتماعي (تويتر) في نموهم المهني واتجاهاتهم نحوها، مجلة جامعة أم القرى للعلوم التربوية والنفسية، المجلد (٩)، العدد (١)، ص٢٠.
- رحماني، وجدان (٢٠٢١): دور إستخدام موقع اليوتيوب في دعم التحصيل الدراسي لدى تالميذ الطور الثانوي النهائي، رسالة ماجستير منشورة، جامعة قاصدي مرباح ورقلة.
- عباس، عمران على (٢٠٢٣): دور وسائل الاعلام في تنمية الوعي الجماهيري للحركة الكشفية في محافظة ديالى، مجلة العلوم الرياضية، ٥.
- محمود، علي. (٢٠٢١). "دور الفيسبوك في تشكيل الوعي لدى طلاب الجامعات". مجلة الدراسات الإعلامية، ، القاهرة، مصر. ١٥
- يونس، بسمه حسين عيد (2016) ،ادمان شبكات التواصل ألإجتماعى و علاقتها بالإچگرابات النفسيه لدى گلبه الجامعه فى محافچه غزه.
- متولي، صفاء زكريا مجمد (٢٠٢٥): بعض المعوقات التي تواجه أخصائي الإعلام التربوي في تنمية الوعي الإعلامي لدى طلاب المرحلة الثانوية، المجلة العلمية لكلية التربية جامعة الوادي الجديد، المجلد (١٧)، العدد (٥٤).
- قاسم، نهى مسلم عبدالحميد و الاخرون (٢٠٢٥): فاعلية مقرر مقترح فى التربية الإعلامية في تنمية الوعي الإعلامي لدى الطالبة معلمة الفلسفة والاجتماع، مجلة بحوث، المجلد (٥)، العدد (٢).
- المسعودي، محمد (٢٠٢٥): الوعي الإعلامي والتمكين النفسي وعلاقتهما باتخاذ القرار لدى عينة من طلبة الجامعات السعودية، المجلة جامعة الملك عبدالعزيز: العلوم التربوية والنفيسة، الجملد (٤)، العدد (٢).

**چوارەم: كتێب بە زمانی ئینگلیزی**

- Scott, P. (2006). The University in the Knowledge Society. Buckingham, UK: Open University Press.
- Mandiberg, M. (2012). The Social Media Reader. New York, USA: NYU Press.
- Shih C. (2012). Era Facebooka [The Facebook Era. Tapping Online Social Networks to Market, Sell, and Innovate.]. Gliwice: Helion. 41-42
- Zappavigna, M. (2016). Social media photography: construing subjectivity in Instagram images. Visual Communication, 15(3): 271-92
- Potter, W.J. (2010). Media Literacy. Thousand Oaks, USA: Sage Publications.
- Selwyn, N. and Cranmer, S. (2016). Social Media and Education: Now the Dust Has Settled. London, UK: Routledge.
- Silverblatt, A., Ferry, J., Finan, B. and Rojas, M. (2014). Media Literacy: Keys to Interpreting Media Messages. 5th ed. Santa Barbara, USA: Praeger.
- Buckingham, D. (2003). Media Education: Literacy, Learning and Contemporary Culture. Cambridge, UK: Polity Press.


**پێنجەم: ڕاپۆرت بە زمانی ئینگلیزی**


- Vickey, T. (2011) *Social Capital and the Role of LinkedIn to Form, Develop and Maintain Irish Entrepreneurial Business Networks*. Cambridge Scholars Pub.


**دور شبكات التواصل الاجتماعي في نشر الوعي الإعلامي لدى طلبة الجامعات في إقليم كوردستان**


**ملخص:**

يهدف هذا البحث المعنون(الموسوم) بـ (دور شبكات التواصل الاجتماعي في نشر الوعي الإعلامي بين طلاب الجامعات في إقليم كردستان) إلى تحديد الدور الذي يمكن أن تلعبه شبكات التواصل الاجتماعي إيجابا أو سلبا في نشر الوعي الإعلامي بين طلاب الجامعات في إقليم كردستان.

يعتمد البحث على المنهج الوصفي، ويستخدم منهج المسح، وتحليل المضمون، والمنهج الكمي. يتكون مجتمع البحث من طلاب جامعات (السليمانية، صلاح الدين/أربيل، دهوك، حلبجة)، حيث تم اختيار عينة عشوائية عنقودية بلغ عددها 757 طالبا من خلال تطبيق استمارة المسح (Google Form) التي تم توزيعها إلكترونيا على عينة البحث.

توصل الباحث في هذه الدراسة إلى عدة استنتاجات، أهمها: يستخدم الباحثون شبكات التواصل الاجتماعي بمستويات مختلفة للاطلاع على أهم الأخبار والمعلومات والموضوعات والمشاكل والصراعات لتلبية احتياجاتهم المختلفة. كما أن لدى الباحثين مستويات مختلفة من الاهتمام والتفاعل والثقة بالمقالات الإعلامية المنشورة على شبكات التواصل الاجتماعي، مما أدى إلى تشكيل الوعي الإعلامي لديهم.

بناء على نتائج هذه الدراسة، قدم الباحث عدة توصيات، أبرزها: ضرورة تعامل المراكز الأكاديمية مع شبكات التواصل الاجتماعي بشكل مناسب لنشر مقالات إعلامية متنوعة ذات دور في زيادة الوعي الإعلامي. نشر مقالات إعلامية مهمة ذات صلة بالمجتمع المحلي والإقليمي والدولي، والتي تخلق تأثيرا إيجابيا على الأفراد والجماعات في المجتمع.

وفيما يتعلق بالتوصيات، قدمت الدراسة عدة توصيات، أهمها: دعوة الباحثين الإعلاميين لإعداد بحوث مستقبلية حول شبكات التواصل الاجتماعي والتوعية البيئية، وكذلك حول شبكات التواصل الاجتماعي وتنمية السياحة.



**الكلمات المفتاحية:** الدور، شبكات التواصل الاجتماعي، الوعي الإعلامي، طلاب الجامعات، إقليم كردستان.